

# دەست هەلگرن,ئازادی و مافەکانی خەلك بەڕەسمی بناسن!!

ئیبراهیم حسێن
ibrahimhwssain@hotmail.com
05.05.2005

ڕۆژی 4.5 لە کاتێکدا کە ڕێبوار عارف بە ڕپرسی کەمپینی دادگایی کردنی سدام و سەرانی بەعس و سکرتێری فدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی , بۆ پشتیوانی کردن لە خواست و نارەزایەتی خوێندکاران سلێمانی لەدژی گەندەلی ئیداری و سات و سەودا کردن بە زانست, وتەیەك پێشکەش دەکاو بەو هۆیەوە دەکەوێتە بەر لێ پرسینەوەو هەڕەشەی هێزەکانی ئاسایشی یەکێتی و دەست گیری دەکەن و بەرەوئاسایشی سلێمانی ڕاپێچی دەکەن . دواتر ئەو بەر پرسەی دەزگای ئاسایشیش کە ناچێتە ژێر مەسئولیەتی زینداکی کردنی ڕێبوار عارفەوەو ئازادی دەکا ,لە لایەن یەەکێتیەوە زیندانی دەکرێ و هەر بە مەشەوە ناوەستن و هەر هەمان شەو پەلاماری مالی باوکی دەدەن و برا بچوکەکەی دەست گیر دەکەن و وەك بارمتە زیندانیان دکەن.
یەکێتی و دە سە لاتدا ران هەموو ڕۆژێ لەسەر لاپەرەی ڕۆ ژنا مەکا نیان و لە ڕادیۆو تەلەفیزیۆنەکانیانەوە, هەراو هوریای دیموکراسی و تەرەجرەبەی دیموکراسی کە گوایە لە سایەی ئەوان دا بە نسیبی خەلکی کوردستان بووە تەخشان و پەخشان دەکەن.بەلام سەرجەم واقیعیەتی کوردستان و نارەزایەتی خوێندکاران و مامۆستایان , لاوان و کرێکاران ,لە دژی هەل و مەرجی مەینەتباری ژیان و نە بوون و پاوان کردنی ئازادی و پێشێل کردنی ئازادی و مافە مەدەنی و سیاسیەکان و خودیرەفتاری یەکێتی و دەسەلاتدارانی کوردستان لە بەرامبەر خەلکی نارازی, پێچەوانەی ئەم ئیددیعایە ی ئەوان دەسەلمێنێ.یەکێتی و دەسەلاتدارانی کوردستان دەیانەوێ و بێ هودە لە خەیالی ئەوەدان کەدنیای ڕازاوەی ئازادی و هەاسووڕانی ئازادو دیمەوکراسی و ئازادی ڕادەربڕین کە لە میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیانەوە هەلیان بەستووە, بە زۆری چەك و حوکمی قەرەقووشی دەزگای ئاسایش و زیندان بەسەر خەلك دا ساغ بکەنەوە و بەو جۆرە کۆمەلگاو ئازادی وژیان و چارەنووسی خەلك پاوان بکەن.دەسەلاتداران و یەکێتی کە لە میدیاو ڕاگەیاندنی خۆیانەوە خەریکی ڕازاندنەوەی بووکە شووشە بێ گیانەکەی دیموکراسین,لەسەر شەقام و جادەکان تەقە لەخۆپیشاندانی هێمنانەی خوێندکاران دەکەن کە لە دژی گەندەلی و سات و سەودا بە خوێندن و زانست و چارەنووسیان بە شێوەیەکی مۆدێرن و شارستانی بەرێیان خستووەو سەرو گێلاکیان دەشکێنن و بە چەك وزیندان چاوسوورکردنەوە,وەلامی سادەترینمافەکانی خەلك کە خۆپیشاندان وڕادەربڕینی ئازادانەیە دەدەنەوە.

لەکاتێکدا کە هەزاران کرێکارو فەرمانبەرو ماەۆستا ی ئەو وولاتە خەریکنلەوپەڕی بێ دەرەتانی دا ,چەرخی کارو خوێندن و زانست دەسووڕێنن,ئەوان خەریکی کەلەکە کردنی سەروەت و سامانێکی زتاتر و زیاتروکۆشك و تەلاری زۆرترو بەرزترن ولەبەرامبەر هەرنارەزایەتی وداوایەکی ئەو خەلکە بۆ ئازادی و بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئیسانیتر و خۆش گوزەران,چەکدارو چەك بەدەستەکانی خۆیان دەڕژێننە سەر جادەکان ولەرێگای ترس و تۆقاندن دەیانەوی ئەوپرسیارە

له دەمی خلکدا بتاسێنن کە پێیان دەلێ: ئەو هەموو سەروەت و سامانەتان لە کوێ هێناوە, ئەوهەموو نازونیعمەتەتان بە چی پەیدا کردووە ؟!بۆچی خەرجی سەرکووت و ریننداں و مزگەوت وباوەشێن کردنی کۆنەپەرەستیتان پێ دەکرێ,بەلاّم خەرجی ژیان و خۆشگوزەرانی خەلکتان پێ ناکرێ ؟!بۆچی خەرجی مووچە و کرێیەکتان پێ ناکرێ کە بتوانێ ژیانی هەزاران ماەۆستاوکرێکارو فەرمانبەر لەو کولە مەرگیەی ئێستا دەرباز بکا ؟!بۆچی لە کاتێکدا کە خەریکن دەروازە بەسەر کۆنەپەرەستی ئیسلامی دا دەکەنەوە و لە دەسەلاّت دا جێگەیان بۆ دەکەنەوەو پارەو پوولیان پێ دەدەن و دەستی کۆنەپەرەستیان لە کۆنەلگا لە سەر ژیانی خەلك ئاوالاّدەکەن,بەلاّم لە بەرامبەرماف و داواکاریەسادەو سەرەتاییەکان خەلك بۆ ئازادی و ژیانێکی ئینسانی و تێرو تەسەل و بۆ دامەزراندنی کۆمەلگایەکی ئازادو کراوەو خۆشبەخت, بە زمانی چەك و ریندان و سەرکووت دێنە گۆ و کۆمەلگا پاوان دەکەن و ئازادی زەوت دەکەن وخەلك و ناڕازیان بە تاوانی قسەکردن دەستگیر و زیندانی دەکەن ؟!!بۆچی لە کاتێکدا کە پردی پەڕینەوە بۆ تاوان بارانێکی لەجۆری نزارخزرجی و شێخ جعفەرەکان هەلدەبەستن و پەنایان دەدەن و پاکانەیان بۆ دەکەن و لە دەولەتی ئیسلامی شیعەی سیاسی دا وەك سەرەك کۆماردەبن بە مەئموورو وەفیق سامرڕایی دەکەنە دەمڕاست و باوەڕ پێکراوی خۆتان ,بەلاّم ڕێبوار عارف ئەو خەباتکارەی چەندین سالەی خەباتی دژی دیکتاتۆریەت و خەباتکاری ڕێگای ئازادی و خۆش گوزەرانی,بە تاوانی 5دەقە قسەکردن بۆ پشتیوانی لە ماف وخواستەکانی خوێندکاران و خەلکی کوردستان ڕەوانەی زیندان دەکەن!!

ئەوانە قسەی وتراوو نە وتراوی دلی بەشی هەرەزۆری خەلکی کوردستانە.خەلکی کوردستان,کرێکاران و خوێندکاران و مامۆستایانی کوردستان,پێیان ناوەتە دەورەیەکی وشیاری و بێدار بوونەوەیەکی کۆمەلایەتی و دەیانەوێ لە چارەنووس و ماف و ئازادیەکانی خۆیان بپێچنەوەو بە دەستیان بهێنن.

سەرەنجام یەکێتی و دەسلاّتدارانی کوردستان دەبێ حیساب لەسەر ئیرادەو خواست و مافەکانی خەلکی کوردستان بکەن و ئازادی هەلسوڕان و مانگرتن و خۆ پیشاندان و ڕادەربڕین بە ڕەسمی بناسن و ڕێزی لێ بگرن و هەرچی زووە ڕێبوار عارف ئازاد بکەن .درێژە پێدانی ئەو جۆرە کارانە فایلی یەکێتی و دەسەلاّتداران , وەك هێزێکی دژی ئازادی , ئەستوورتر دەکا . ڕێبوار عارف کەسایەتیەکی جیهانی و ناسراوی بزووتنەوەی دیفاع لە مافی پەنابەری و ئازادیخوازیە و پشت وقایمی نێونەتەوەیی هەیەو لەگەل تۆرێکی فراوانی کەسایەتیە چەپ و ئازادیخوازەکانی دنیا تێکەلاّوە و یەکێکە لە کەسایەتیە ناسراوەکانی خەباتی چەندین دەهە لە دژی دیکتاتۆریەت و سەرکوت ولە پێناوی ئازادی و خۆشگوزەرانی و بە و هۆیەوە گیراوە و شکنجە کراوەو حوکمی ئیعدامی لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە بەسەردا دراوە,هەروەها یەکێکە لە ڕابەران و داکۆکی کەرانی مافی پەنا بەری وداکۆکی کەرو ڕێنوێنی کەری هەزاران پەنابەر بووە کە بە هۆی سەرکوت و بێ مافی و نەبوونی ئارامی و ئاسایشەوە عێراق و کوردستانیان ,بە جێ هێشتووە.گرتن و هێشتنەوەی ڕێبوار عارف قیمەتێکی زۆری دەوێ وپێویستە دەست بەجێ و بێ قەیدو شەرت ئازاد بکرێ وداوای لێ بووردی لێ بکەن.خەلکی کوردستان ژیان وئازادی و خۆشگوزەرانیان دەوێ و یەکێتی و دەسەلاّتدارانی کوردستان دە بێ ئەو خواستەی خەلك بە ڕەسمی بناسن وڕێزی لێ بگرن.